Rheinland-Pfalz
AUFSICHTS- UND DIENSTLEISTUNGSDIREKTION

Aufsichts- und Dienstleistungsdirektion | Postfach 13 20 | 54203 Trier

Kurfürstliches Palais
Willy-Brandt-Platz 3
54290 Trier
www.add.rlp.de

**30. April 2020**

دایک و باوک و بە خێوکەرە بەڕێزەکان،

ئاگادارتان دەکەینەوە کە خوێندن لە قوتابخانە دەست پێ دەکاتەوە بۆ منداڵەکەتان.

دەست پێکردنەوەی قوتابخانە بۆ هە موو منداڵەکان لە یەک رۆژ دا نی یە.

قوتابخانەی منداڵەکەتان بۆتان دەنووسێت لە کام ڕۆژ دا مندالەکەتان بۆ یە کەم جار دیتەوە بۆ قوتابخانە.

لە کاتی چوون بۆ قوتابخانە ( بە پاس / شەمەندەفەر) دەبێت منداڵەکە دەم و لوتی داپۆشراو بێت.

دووری نێوان و پاک و خاوێنی زۆر گرنگە: لە قوتابخانە ڕوون کردنەوە بۆ منداڵەکان دەکرێت دەربارەی چۆن بە ڕێگەی ڕاست دەستەکانیان بشۆن و لە کاتی کۆخە و پژمین دا چی بکەن و بەکارهێنانی (ماسک) دەم و لووتیان داپۆشن.

لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانە دا قوتابی یەکان فێری یاساکانی دووری نێوانیان لە ژووری خوێندن و لە کاتی پشوویان و لە کاتی بەکارهێنانی ئاودەست دەکەن.

ئەگەر منداڵەکەت نەخۆش بوو، ڕێگە نادرێت بچێتە قوتابخانە.

ئەگەر منداڵەکەت نەنارد بۆ قوتابخانە، لەبەرئەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە نەخۆشی درێژخایەنی هەیە، پێشتر قوتابخانە ئاگادار بکەرەوە.

زانیاری زیاتر دەربارەی پاک و خاوێنی بە زۆر زمانی تر لەم سایتانەی خوارەوە دەدۆزیتەوە:

https://migration.bildung-rp.de/

https://schuleonline.bildung-rp.de/unterstuetzung-fuer-eltern-und-schueler.html

زۆر سوپاس بۆ ئەو پشگیریەتان و هیوای تەندروستی بۆ ئێوە و خێزانەکەتان لەم کاتە قوورسە دا ئەخوازین.

Mit freundlichen Grüßen

In Vertretung

Raimund Leibold